# ئاین نامەی گشتی هەلبژاردنەکان بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمنیستی کریکاری عیراق

لەبەر رۆشنایی بەلگەنامەی ئسولی ریکخراوەیی حیزب و هەروەها بەپی ی پرۆژە بریاری مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزب تایبەت بە بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق ، ئاییننامەی بەریوەچوونی هەلبژاردنەکانی کۆنگرەی چوارەم بەمشیوەیەی خوارەوە دەخەینەروو:

یەکەم: کۆنگرەی چوارەم 73 نوینەر تییدا بەشداردەبیت.

دووەم: دەنگدان وخۆکاندیدکردن بەپی ی ناوەندەکانی هەلبژاردن بەریوە دەچیت و بەم شیوەیەش هەلبژاردن لەئاستی سەراسەری حیزبدا پەیرەوی لیناکریت.

سیهەم: هەریەك لەریکخراوەکانی حزب بەوریژەیەی بۆی دیاری کراوە نوینەرایەتی دەکرین لەکۆنگرەدا ووەك ناوەندی هەلبژاردن دەنگدان تییدا بەریوەدەچیت:

1. ریکخراوی دەرەوە. ناوەندی هەلبژاردنی یەکەم، 10 نوینەر هەلدەبژیریت بۆکۆنگرە.
2. ریکخراوی کوردستان و ریکخستنەکانی شاری کەرکوك. ناوەندی هەلبژاردنی دووەم، 15نوینەر هەلدەبژیریت بۆکۆنگرە.
3. کۆمیتەی ناوەندی. ناوەندی هەلبژاردن سێهەم، 10 نوینەر هەلدەبژیریت بۆکۆنگرە.

ریکخراوەکانی ناوەراست و خوارووی عیراق ( کە بریتیە لەلیژنەی مەحەلی شارەکانی بەسرا، بەغداد، سامەرا، دیوانیە، حلە، ناسریەو شەترە، ...هیتر ریکخستنەکانی نیو کۆنگرەی ئازادی عیراق، ریکخراوی ئازادی ژن، ئیتحاد مەجالیس،... ناوەندی هەلبژاردنی چوارەم پیکدینی و 35 نوینەر هەلدەبژیریت بۆکۆنگرە.

4. ریکخراوەی پرۆژەمالیەکان. ناوەندی هەلبژاردنی پینجەم، 3 نوینەر هەلدەبژیریت بۆکۆنگرە.

چوارەم: تەنها نوینەرانی ئامادەبوو لەکۆنگرەدا مافی دەنگدانیان هەیە، ئەو نوینەرانەی کەبەهۆی باری ئەمنەیەتی و بەپی ی مەئموریەت پیدراوی حیزبەوە ناتوانن لەکۆنگرەدا بەشداربن، دەتوانن دەنگی خۆیان بەنوینەرانی ئامادەبووی نیوکۆنگرە بدەن. لەمبارەوە هیچ نوینەریك ناتوانیت خاوەنی زیاتر لە2 دەنگ بیت. هەروەها بەمەبەستی بەشداری تەواوی نوینەران لەکۆنگرەدا تەوسیەی ئیمە ئەوەیە کەکەسانیك خۆیان لەهەلبژاردنەکاندا بۆ نوینەرایەتی کردنی تەشکیلاتەکانیان لەکۆنگرەدا کاندید بکەن کەبەکردەوە بتوانن ئامادەی کۆنگرەبن.

پینجەم: ئەندامان:

1. هەموو ئەندامانی حزب لەهەلبژاردنەکاندا تەنها مافی یەك دەنگیان هەیە.
2. هەرئەندامیك تەنها لە ناوەندەی هەلبژاردنی تەشکیلاتی خۆیدا دەنگ دەدات. بۆنمونە ئەندام لەریکخراوی دەرەوە لە ناوەندی هەلبژاردنی یەکەم دەنگ دەدات، بەهەمان شیوەش بۆ ناوەندەکانی تر.
3. هەرئەندامیکی حیزب تەنها لەیەکیك لەناوەندەکانی هەلبژاردندا دەتوانی خۆی کاندید بکات. هاوکات هەر ئەندامیکی حزب ئازادە لەوەی کەلە کام یەك لەناوەندەکانی هەلبژاردندا دەیەویت خۆی کاندید بکات.
4. ئەندامانیك کەلەچەند شوینی ریکخستنەکانی حزبدا چالاکن دەبی تەنها یەکیك لەوانە بۆ خۆی دیاری بکا و لەناوەندیکی دەنگداندا ناوی خۆی تۆماربکات.
5. هەرئەندامیك زیاتر لە 3 مانگ ئابوونەی ئەندامیتی نەدابیت مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی نییە لەهەلبژاردنەکانی کۆنگرەی چوارهەمدا مەگەرئەوەی تسەفیەی قەرزەکانی، پیشتر لەگەل حزبدا یەکلاکردبیتەوە.
6. ئەوئەندامانەی لەدوای بەرواری 2007/11/10 ئەبنە ئەندامی حزب مافی بەشداربوونیان لە پرۆسەی هەلبژاردنەکاندا بۆکۆنگرە نییە.

شەشەم: هەلبژاردنەکان تەنها یەك قوناغ دەگرنەبەر و نوینەرانیك کە زۆرینەی نیسبی یان لەریژەی ئەو دەنگانەی کەبەکاندیداکان دراوە بەدەست هیناوە وەکو نوینەرانی کۆنگرە هەلدەبژیردرین.

حەوتەم: هەیئەی چاودیری گشتی بەسەر هەلبژاردنەکاندا:

مەكتەبی سیاسی بەهاوبەشی لەگەل سكرتێری كۆمیتەی ناوەندیدا، هەیئەیەكی لەهاوریان، ریبوار ئەحمەد، سامان كەریم، زمناكۆ عەزیز، موئەید ئەحمەد، خەسرەوسایە، هەلبژاردووە وەك چاودیر بەسەر تەواوی ئامادەكارییەسیاسیوو فەنیو مالیەكانو هەروەها پرۆسەیهەلبژاردنەكانی كۆنكرەی 4دا، . ئەم هەیئەتە جگەلە كارەكانی دیكەی چاودیری دەكات بەسەر هەلبژاردنەكانداو ئەنجامی كۆتایی هەلبژاردنی نوینەران لەهەموو ناوەندەكاندا رادەگەیەنێ.

هەشتەم: قوناغەكانی هەلبژاردن:

1 قوناغی یەكەم راگەیاندنی رەسمی هەلبژاردنی نوینەران و بەشی هەریەك لەنیوەندەكانی هەلبژاردن.

2 قوناغی دووەم: ناونوسیكردنی ئەندامان و دیاری كردنیان بەپی ی هەر ناوەندیكی هەلبژاردن.

3 قوناغی سیهەم، خۆكاندیدكردن و ناو نوسیكردنی كاندیدەكان و هەلبژاردنی نوینەران لەهەر یەك لەناوەندەكاندا.

4 قوناغی چوارەم دەنگدان لەناوەندەكاندا.

5 قوناغی پینجەم، ژماردنی دەنگەكان و جیاكردنەوە و راگەیاندنی نوینەرانی دەرچوو لەهەر ناوەندیكدا.

نویەم: لەهەرناوەندیكی هەلبژاردندا هەیئەی فەرعی لە 3 بۆ5 كەس پێكدەهینری بۆ چاودیری كردن و بەرەوپیشبردنی پرۆسەی هەلبژاردن لەئاستی هەریەك لەناوەندەكانی هەلبژاردندا.

دەیەم: هەرهەیئەیەكی فەرعی ئایننامەی تەكمیلی بۆبەریوەبردنی هەلبژاردن لە نیوەندەكانی هەلبژاردنی خۆیدا، لەچوارچیوەی ئەم بەلگەنامەیەدا ئامادەدەكاو دەیخاتەبەردەم هەیئەی سەرپەرشتیاری گشتیيەوە. لەم ئایننامە تەكمیلیەدا، دابەشكردنی ریژەی نوینەرانی هەر ناوەندیك، حەوزەكانی دەنگدان و شیوەی دەنگدان و ژماردنیان و... تەدویندەكری.

یانزەهەم: شكات:

هەرئەندامیكی حیزب مافی هەیە بەرلە هەفتەیەك لە راگەیاندنی ئەنجامی كۆتایی هەلبژاردنەكان هەر شكاتیكی هەیە لەسەر هەر رەوشت و دیاردەیەكی پیچەوانە بەئایننامەی هەلبژاردنەكان، بگەیەنیتە دەستی هەیئەی چاودیری گشتی هەلبژاردنەكانی كۆنگرەی 4. هەیئەی چاودیری گشتی دەتوانی بریاری هەلوەشاندنەوە وەیا نویكردنەوەی هەلبژاردنەكان لەهەر ناوەندیكدا بدات.

دووانزەهەم: دواین مولەتی تەواوبوونی هەموو قوناغەكانی هەلبژاردن2007/12/1

## لیژنەی چاودیری گشتی

## ریبوار ئەحمەد، سامان كەریم، زمناكۆ عەزیز، خەسرەو سایە، موئەید ئەحمەد،

## 2007/11/10